# خانەقین دەرکراوەکانی جەلەولاو سەعدیە پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوە هەیە

- لە گەڕەک و کۆڵانەکان زبڵوخاشاک هاووڵاتیانی بێزار کردووە
- ڕێگاوبانەکان کۆن و بێسەروبەرن
- پڕۆژەی ئاوو ئاوەڕۆ و کارەبای پێویستە
- لەو شوێنانەی کوردی تێدا دەکوژرێت هێزی پێشمەرگە جێگیر نەکراون



سنووری خانەقین هەر لە مەندەلی و شارەبانەوە درێژ دەبێتەوە تا سنووری شارەوانی کەلار و ناحیەکانی (سەعدیە و جەلەولا و قورەتوو مەیدان و بەمۆو قەرەتەپە و جەبارە) لەخۆدەگرێت، بەمەش جگە لەوەی سنوورێکی بەرفراوانی هەیە، هاوکات ژمارەی دانیشتووان و گەڕەکەکانیشی زۆرە. هاووڵاتیانی خانەقین بەگشتی و خەڵکی چەند گەڕەکێکی وەکو (رزگاری و تۆڵەفرۆش و سیروان و کرێکاران و دارەکنارە و بارمیل و ئیمام عەباس و ئاوبارە..) گلەیی و داواکارییان لەسەر کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان هەیە، بەرپرسی یەکە ئیدارییەکەش قسەکانی هاووڵاتیان پشت ڕاست دەکاتەوەو داوا لەبەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات ئاوڕێکی جیدیانە و خێرا لەم شارە بدەنەوە. تیمی (گۆڤاری گوڵان) سەردانی خانەقینی کردوو لەنزیکەوە چەند هاووڵاتییەکمان دواند کە لێرەدا لەدووتوێی ئەم ڕاپۆرتەدا دەیخەینەڕوو.

قایمقامی خانەقین بۆ گوڵان:



# بە بەڵێن و ئیعلام هەموو شتێکمان بۆ کراوە، لەراستیدا هیچ پرۆژەیەکی گەورەمان بۆ نەکراوەو دەیان گرفتمان بێ چارەسەر ماوە



## هاووڵاتیان
## چاوەڕوانی ئاوڕلێدانەوەی حکومەتی هەرێمن

لە گەڕەکی ئاوبارە چاومان بەچەند هاووڵاتییەك كەوت كە ئاماژەیان بەگرفتی سەرەكی شارەكەیان دەكرد بەتایبەت گرفتی ئاوو كارەبا؛ لەمبارەیەوە هاووڵاتی ئەحمەد عەباس تەمەن ٧٠ ساڵ وتی: (گەرچی گەڕەكەكەی ئێمە تازەیە بەڵام كەموكوڕی خزمەتگوزاریمان زۆرە، لەوانە نەبوونی ئاو و كارەباو بێسەروبەری كۆڵان و شەقامەكان، ئەم شارە خاوەنی نییەو كەس گوێ لەخەڵكی ئەم شارە ناگرێت تا ئەو كارو پرۆژانەی كە زۆر پێویستن بۆیان ئەنجام بدەن..)، ئەم هاووڵاتییە باسی لەو خەبات و قوربانیانە كرد كە خەڵكی ئەم شارە پێی ناسراون وتی : من ٤١ ساڵ لەسەر هەڵوێستی كوردایەتی ڕاگوازرامەوە بۆ شارەكانی تری ناوەڕاست و خوارووی عێراق، كەچی ئێستا لە خانەقین لە گەڕەكێك نیشتەجێم كە تێیدا كەموكوڕی خزمەتگوزاری گەورەی هەیە. لە گەڕەكی دارەكنارە خەلیل ئیبراهیم كە خەڵكی گرفتی سەرجەم خزمەتگوزارییەكانیان هەبوو وتی:(گەڕەكەكەمان لە هەموو خزمەتگوزارییەك فەرامۆشكراوە پێویستی بە كارو پرۆژەی خێرا هەیە، ئەمساڵ بارودۆخەكە بەمجۆرە بڕوات ئاوو كارەبامان نابێت و ژیان ڕادەوەستێت، بۆیە داواكارین زۆر بەخێرایی هەر لەم مانگەوە هەوڵبدەن ئاو و كارەبا كە دوو خزمەتگوزاری سەرەتایی و سەرەكین بۆ دانیشتوانی گەڕەكمان و سەرجەم هاووڵاتیانی شارەكەمان دابین بكرێت). لە گەڕەكی تۆلەفرۆشانیش حوسێن ئیسماعیل وتی:(پێویستمان بە پرۆژەی ئاویخواردنەوەو ئاوەڕۆ هەیە، كە وایكردووە باری تەندروستیشمان خراپ بێت و مەترسی كەوتنەوەی دەیان نەخۆشی خراپی لێدەكرێت). هەر لەهەمان گەڕەك باوكی خەلیل وتی :( داواكارین حكومەت و لایەنی بەرپرس گەڕەك و كۆڵانەكانمان لە زبڵوخاشاك پاك بكەنەوە، چونكە مانەوەو فڕێنەدانی زبڵوخاشاكی ماڵان هۆكاری سەرەكی بۆنی ناخۆش و مێش و مەگەزو بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی مەترسیدارە، تەنانەت دیمەنی گەڕەكمان بە هۆی مانەوەی زبڵوخاشاك زۆر قێزەونە)، هەر لەمبارەیەوە هاووڵاتی جەبار ئەنوەر لە گەڕەكی ئاغاوخەلیفە وتی:( كێشەی سەرەكی لەم گەڕەكە فڕێنەدانی زبڵوخاشاك و كۆنكرێت نەكردنی كۆڵان و شەقامەكانە، هەروەها نەبوونی باخچەو پارك دیمەنی شارەكەمانی ناشرین كردووە، بەتایبەت دوای ئەوەی زۆربەی دارو درەختەكانی ئەو شارە بەرەو نەمان و وشكبوون دەچن، لەلایەكی تر ئەو گەڕەكە مێژووەكەی زیاتر لە ٢هەزار ساڵە و چەندین خانوو هەیە خەڵكەكە چۆڵی كردووە و دارودیوارەكانیان بەرەو داڕمان دەچن و كەسێك یا حكومەتی هەرێم و لایەنی پێوەنداری شوێنەوار نایەن ئەو خانوو و مێژوو كلتورە بپارێزن. هاووڵاتییەكی تر بە ناوی محەمەد حوسێن هەر لە گەڕەكی تۆلەفرۆش وتی:( ئەم گەڕەكە ئاویخواردنەوەی زۆر خراپە و كەمە و زبڵوخاشاكیش بەپێی پێویست كۆناكرێتەوەو ناگوازرێتەوە، بۆیە كۆڵان و ناو گەڕەكەكە زۆر پیسە، ئەمەش هۆكارێكە لە وەرزی هاوینان بۆ پەیدابوونی هەندێ زیندەوەری زیانبەخش و مەترسیدار وەكو مارو دووپشك. سەبارەت بەهەمان گرفت حەكیم ڕەسول لە گەڕەكی پۆلیسان(حی شورتە) وتی: داواكارین تەنیا پرۆژەیەكی

ئاویخواردنەوەمان بۆ جێبەجێ بکەن، هیچ کارو پڕۆژەیەکی ترمان ناوێت، دەنا دەبێت گەڕەکەکە بەجێبهێڵین .

لە گەڕەکی بارمیل هاووڵاتیەك بەناوی شەمسەدین کە خاوەنی گازینۆیەکی سەر لێواری ئاوی ئەڵوەندە بوو وتی:( چەند باس لە کەموکوڕی و گرفتەکانی خزمەتگوزاری ناو سەنتەری قەزاو سنووری خانەقین بکەین تەواو نابێت، من وەکو خاوەن گازینۆیەك لە بەردانەوەی ئاوی ئەڵوەند ئومێدم نەماوە، لەبەر ئەوەی چەند ڕۆژێك ئاوەکە بەردەدرێتەوە لەپاشان دەگیرێتەوە تا ئاوەکە وشك دەکات، هەر بەهۆی گیرانەوەی ئەو ئاوە خەڵکی شارەکە و گوندەکانی وەکو عەلیاوە و دەوروبەری زیانێکی کشتوکاڵی و دارایی زۆر دەکەن. هاوکات لە گەڕەکەکەمان وەکو دانیشتوانی بارمیل پێویستمان بە پڕۆژەی ئاویخواردنەوەو ئاوەڕۆو چاککردن و کۆنکرێت کردنی شەقام و کۆڵانەکان هەیە، سەرتاپای ئەو گەڕەکەش هەر کۆڵانێك پێی تێپەڕبیت لەبەر مانەوەی زبڵوخاشاك و بۆنی ناخۆش و هەبوونی مێش و مەگەز بێزار دەبیت، لەبەر ئەوەی ستەمی پاککردنەوەو فریدانی زبڵوخاشاکی شارەوانی شارۆچکەی خانەقین کۆنە و ئامێرو کرێکاری پاککردنەوەیان زۆر کەمە . ئەم هاووڵاتییە باسی لەگرفتێکی تریش کرد کە تایبەتە بەهاتنی دەرکراوەکانی جەلەولاو سەعدیە لەمبارەیەوە وتی:(پێویستە حکومەتی هەرێم ئاوڕێك لە دەرکراوو ئاوارەکانی ئەم سنوورە بداتەوە بە تایبەتی ئەوانەی جەلەولا و سەعدیە کە لەترسی تیرۆرستان و شۆڤێنیەکان ماڵ و موڵکی خۆیان بەجێ دەهێڵن، بۆیە دڵنیم پێویستە ئەولەویەتی کارو ئیشەکانی حکومەتی هەرێم لەم سنوورە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بێت. هەر سەبارەت بەگرنگی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە حوسام مەجید وتی : ( تاوەکو خەمی جیدی لە مادەی ١٤٠ نەخورێت و هەنگاوی پراکتیکی لەسەر میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییە نەکرێت کێشەو کەموکوڕی خزمەتگوزارییەکانمان بەردەوام دەبێت، بەداخەوە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لە جێبەجێکردنی ئەم مادە نەتەوییە کەمتەرخەم بووە، بۆیە داواکارین هێزی پێشمەرگە ڕەوانەی ئەو شوێنانە بکرێت کە کوردی تێدا دەکوژرێت و هەڕەشە لەکوردەکان دەکرێت ).

**بە وشك كردنى ئاوى ئەڵوەند گرفتى ئاوى خواردنەوەو كشتوكاڵمان بۆ دروست بوو**

**هەردوو حکومەتی عێراق و کوردستان و پارتە سیاسییەکانیش بەرامبەر بە خانەقین کەمتەرخەمن**

**ڕەخنەو داواکاری هاووڵاتیان سەبارەت بە کەموکوڕی خزمەتگوزارییەکان و لەپاڵ ئەو کارو پڕۆژانەی کە خەڵکەکە بە ئەولەویەتی دەزانن بۆیان جێبەجێ بکرێت؛ ئاراستەی (محەمەد مەلا حەسەن) قایمقامی قەزای خانەقین مان کرد کە پوختەی وەڵامەکانی لێرەدا بڵاودەکەینەوە.**

### کوردەکانی سەعدیەو جەلەولاو دەوروبەری خانەقین کۆچ دەکەن

سەرەتا سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەکە قایمقامی قەزای خانەقین وتی: بارودۆخی ئاسایش و پێکەوە ژیانی نەتەوەو ئاین و ئاینزاکان و مەزهەبەکان لە ناو سەنتەری قەزای خانەقین کە ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە ١٨٠هەزار کەسە زۆر باش و هێمنە و کەمترین کێشە ڕوودەدات، بەڵام لە دەوروبەری خانەقین بەتایبەتی لە (سەعدیەو جەلەولا) کوردەکان ژیانیان پارێزراو نییە و هەڕەشەو هێرشی تیرۆریستانیان لەسەر بەردەوامە، هەر بۆیە کوردەکانی ئەو شارۆچکانە لە ترسی سەروماڵیان بۆ خانەقین و کەلار و کفری و شوێنی تر کۆچ دەکەن، چونکە نەمانتوانیوە بیانپارێزین و هێزی پێشمەرگەش لە دەرەوەی ئەو شوێنانەن، لەکاتێکدا پێویستی دەکرد لە پێناو پاراستنی ئەو هاووڵاتیانە لەناو شارۆچکەکان جێگیربوونایە، تەنانەت من وەکو قایمقامی خانەقین خۆم بەیەکەم کەسی بەرپرس دەزانم کە نەمانتوانیوە کوردەکانی ئەو ناوچەو شارۆچکانە بپارێزین. هەروەها مادەی ١٤٠ی دەستوور مادەیەکی گرنگ بووە ئەگەر بەپێی کات و سات و شێوەی خۆی جێبەجێ بکرابووایە، خۆم هیچ باوەڕم بە جێبەجێکردنی ماددەکە نەماوە، چونکە ئەو عەقڵیەتەی لە بەغداو دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی هەیە بەهەموو شێوەو جۆرێك کۆسپ و تەگەرە لەبەردەمی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە درووست دەکەن تائێستا جگە لە قەرەبووکردنەوەی ١٠ملیۆن دینارەکە هیچ قۆناغێکی تری ئەو ماددەیە جێبەجێ نەکراوە .

### بودجەیەکی تایبەتمان پێویستە

سەبارەت بە کەموکوڕی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و ئەولەویەتی ئەو کارو پڕۆژانەی بۆ سنوورەکە زۆر پێویستن قایمقامی قەزای خانەقین وتی: پێمخۆشە زۆر واقیعانە باسی کارو پڕۆژەکان بکەم، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە بودجەی بۆ کارو پڕۆژەی جۆراوجۆر تەرخانکردووە، بەڵام ئەم شارە کاولکرابوو ئێستاکە سەرەڕای بوونی

**لەرووی ئاوەڕۆوە شاری خانەقین هیچ پلانێکی ئاوەڕۆی تێدا نییە و بەتەواوەتی لەم ڕووەوە فەرامۆشکراوە**

ئەو کەموکوڕییانە بەڵام خزمەتگوزاری بەرفرەوان و ئاوەدانییەکی باشی بەخۆوە بینیوە، گەرچی پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ هەستانەوەی شاری خانەقین و جێبەجێکردنی داواکاری و پێداویستی کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی شارو گەڕەکەکان بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکرێت، ئەگەر حکومەتی هەرێم ئومێدی بەخانەقین هەیە و دەیەوێت هەموو ئەو سنوورە بۆ سەر کوردستان بگەڕێتەوە و ئینتمایی خەڵکەکە بەهێزو پتەو بکات، چونکە ئەو بڕە بودجەیەی لە پارێزگای دیالە بۆمان دێت لەگەڵ ئەو عەقڵیەتەی بەرامبەر بەئێمەی شاری خانەقین هەیانە ناتوانرێت کارو پڕۆژەی باش و سەرکەوتوو بۆ خانەقین ئەنجام بدرێت. بۆیە ئەمە کاریگەری لەسەر ئێمە دروستکردووە و بەپێی پێویست بودجە بۆ ئێمە نانێرن، هەر بۆیە ناتوانین پڕۆژەکان لەکاتی دیاریکراوی

خۆی و بەپێی پێویستی خەڵك و گەڕەکەکان جێبەجێی بکەین .

**ئاوی بیرەکان بەکەڵکی خواردنەوە نایەت**

سەبارەت بە ریزبەندی ئەو پرۆژەو کارانەی کە لەماوەی ئەمساڵدا کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکات قایمقامی خانەقین وتی: پرۆژەو کارەکان دوو بەشن، هەیە ستراتیژییەو هەشە پێداویستی ڕۆژانەیە، ئێستا بەو پێیە پرۆژەی ئاویخواردنەوەی قەزای خانەقین لە ساڵی شەستەکان دروستکراوە، ئەمەش بووەتە هۆی کەموکوری و گرفتی یەکجار زۆر و کەوتنەوەی گرفتی کەمئاوی، تەنانەت ئاوی بیرەکانمان لەڕووی تەندروستیشەوە باش نییە و بەکەڵکی خواردنەوە نایەت، بۆیە خانەقین پێویستی بەپرۆژەیەکی ستراتیژی زۆر گەورە هەیە کە توانایەکی دارایی زۆری دەوێت، ئەم پرۆژەیەشمان لەحکومەتی ناوەندی داوا کردووە، هەرچەندە لەو بڕوایەدا نیم جێبەجێی بکەن. لێرەدا داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین پرۆژەیەکی ئاویخواردنەوە بەخێرایی بۆ خانەقین ئەنجام بدەن تاوەکو لەگرفتی بێئاوی ڕزگارمان بێت. چونکە لەهاویندا گرفتی گەورەی بێئاوی لە خانەقین ڕوودەدات و لەلایەکی ترەوە ئاوی ئەڵوەندیش دووبارە وشکی کردووە لەسەرچاوەکەیەوە گیراوەتەوە و زیانی گەورەی بەباخ و دارستانەکان گەیاندووە. ئێمە داوای پرۆژەیەکمان لەسەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و وەزیرە بەرپرسەکان و دەسەڵاتدارانی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کرد کە چارەسەرکردنی ئاوی ئەڵوەند پێویستی بە دۆزینەوەی بەدیلێکە ئەویش بە ڕاکێشانی پرۆژەیەکی ئاودێری لە ئاوی سیروانەوە، بەداخەوە داواکارییەکەمان بەپرۆژەیەکی بچووک و خراپ کۆتایی هات کە تەنیا کۆنکرێتی چەند کیلۆمەترێکی ئەو جۆگەیان کرد کە پێشتر بۆ خانەقین ڕاکێشراوە، ئەمە چارەسەر نییە و پێویستە ئاوی سیروان بەجۆگەلەیەکی گەورە بۆ ناو خانەقین ڕاکێشرێت، وەزیری کشتوکاڵ لەبەردەم سەرۆکی هەرێم وتی پرۆژەکەی ئاوی سیروان بۆ خانەقین تەواو بووە ئەمە لەکاتێکدا تەواو نەبووەو ئەو کێشەیە چارەسەر نەکراوە ئەم پرۆژەیە پرۆژەکەی ئێمە نییە. لەلایەکی ترەوە سەبارەت بەئاوەڕۆی خانەقین کە بێسەروبەرەو شاری خانەقین هیچ پلانێکی ئاوەڕۆی تێدا نییە و بەتەواوەتی لەم ڕووەوە فەرامۆشکراوە، سروشتی شاری خانەقین وا هەڵکەوتووە کە هەرچی پرۆژەیەکی ئاوەڕۆی بچووک ئەنجام بدرێت پێویستە لەداوڕۆژدا دووبارە ئەو پرۆژەیە هەڵبوەشێتەوە، بۆیە پێویستمان بەپرۆژەیەکی ئاوەڕۆی گەورە هەیە کە تەنانەت چارەسەری ئاوەڕۆکە لەدەرەوەی شاریش بکات .

**کارەبای خانەقین لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوەدەچێت کەچی کارەبامان نادەنێ**

**کابیسەی پاککردنەوەی شارمان پێویستە**

سەبارەت بەگرفتی کۆکردنەوەو خۆرزگارکردن لە زبڵ و خاشاك قایمقامی خانەقین وتی: ئەو کێشەیە زیاتر بۆ ٢ ئیدارەیی دەگەڕێتەوە کە ئیدارەکانمان بەگشتی ٢ بەشە بەشێکی سەر بەهەرێمی کوردستانەو بەشەکەی تریشی سەر بەپارێزگای دیالەیە، کێشەی زبڵ و خاشاکیش کە ئەمڕۆ لەناو سەنتەری شارو هەموو گەڕەکەکان هەیە بەیەکێك لەکێشە سەرەکییەکانمان دادەنرێت کە پێویستی بەچارەسەرکردنی بەپەلە هەیە، هۆکاری سەرەکی ئەو کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی کرێکارو ئامێرو پێداویستی شارەوانی بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك، خۆ ڕزگارکردن لەزبڵ و خاشاکەکەش هەر وەکو کۆکردنەوەکە بەڕێگایەکی کۆن و ناتەندروست بەڕێوەدەچێت. خەڵکی خانەقین مافی خۆیانە گلەیی لە خراپی کۆکردنەوەو خۆ ڕزگارکردن لەزبڵ و خاشاك بکەن. شاری خانەقین کە دانیشتوانەکەی زیاتر ١٨٠ هەزار کەسە، لەسەر هەرێمی کوردستانەوە تەنیا ١ شۆفڵ و ١ قەلاب و ٥ کابیسەمان بۆ پاککردنەوەی شارەکە هەیە، لەکاتێکدا پێویستیمان بە ٢٥ کابیسە هەیە. باوەڕ دەکەیت لەم شارە گەورەیە ١ گرێدەرو عادیلەو سەلەی کارەبامان نییە، ئێمە تەنیا بەڕێکردنی کاری ڕۆژانەی تێدا دەکەین. پێشتر ٣٥ ساڵ و ئێستاش ٩ ساڵە واتا بەگشتی ٤٤ ساڵە ئەم شارە پشتگوێخراوەو گرنگی پێ نادرێت.

**وەزیری کشتوکاڵ لەبەردەم سەرۆکی هەرێم وتی پرۆژەکەی ئاوی سیروان بۆ خانەقین تەواو بووە لەکاتێکدا تەواو نەبووەو ئەو کێشەیە چارەسەر نەکراوە**

**وێستگەیەکی کارەبامان پێویستە**

سەبارەت بەگرفتی کارەبا لەخانەقین کە بەیەکێك لەداواکاری و پێداویستی سەرەکی خەڵکەکە دادەنرێت چونکە باروودۆخی کارەبا لەم شارەدا زۆر خراپە ؛ قایمقامی خانەقین وتی: کارەبا لەخانەقین زۆر خراپە و ڕۆژانە تەنیا چەند کاتژمێرێك کارەبامان هەیەو ٢ وێستگەی کارەبامان کە لەساڵانی شەستەکان دروستکراوە سوتاون و ئەو وێستگەیەی گواستنەوەی کە هەمانە زۆر کۆنەو لەهیچ شارێکی تر نەماوە، ئێمە گلەیمان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، لەکاتێکدا ئیدارەی کارەبای خانەقین لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوەدەچێت کەچی کارەبامان نادەنێ، ئەگەر کار بەمشێوەیەی ئێستا بڕوات ئەم هاوینە بێ کارەباو بێ ئاو دەبین، لە دوای سەردانەکەی وەزیری کارەبا بەڵێنمان پێدراوە بەشێك لەو گرفتانە ئەمساڵ چارەسەر بێت و بەشەکەی تریش لە زستانی داهاتوو چارەسەر بکرێت.

**ئەگەر کار بەم شێوەیەی ئێستا بێ ئەم هاوینە بێ کارەبا و ئاو دەبین**

**ڕێگاوبانەکانی خانەقین بێسەروبەرە**

سەبارەت بە ڕێگا سەرەکییەکان و شەقام و کۆڵانەکان کە هاووڵاتیان ڕەخنەیەکی زۆریان لەمبارەیەوە هەبوو قایمقامی خانەقین وتی: هەموو ڕێگا سەرەکییەکانی خانەقین بێسەروبەرەو مەرجی هاتوچۆکردنی تێدا نەماوە، هەر کەسێك سەردانی خانەقین بکات ئەو بێسەروبەری و خراپی کۆڵان و شەقامەکان بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا بەچاوی خۆی دەبینێت، هەربۆیە ئەرکی وەزارەتی شارەوانییە هەڵمەتێکی قیرتاوکردنی ڕێگاوبان و کۆڵانەکانمان بۆ ئەنجام بدات.







### دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی

سەبارەت بەدەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی قایمقامی خانەقین وتی : پێویستە لەو ڕۆتینەی کە حکومەتی هەرێم تێی کەوتووە خۆی لێ دەرباز بکات، چەندین جار بە حکومەتی هەرێمی کوردستانم وتووە پێویستە چەند لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی کەموکوڕی و کێشەکانی خانەقین دابمەزرێت و بەدواداچوونی بۆ بکرێت تا چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، من نازانم بۆچی لیژنەیەك بۆ ڕەوانەکردن و دابینکردنی بودجە لەم ناوچەیە دانامەزرێت تا ڕەچاوی ریزبەندی پرۆژەکان و بەدواداچوونی خێراو راستەوخۆیان بکات، لەکاتێکدا پرۆژە هەیە چەندین ساڵە بریاری لەسەر دراوە بەڵام نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە یا دواکەوتووە.

### پرۆژەی گەورەمان بۆ نەکراوە

سەبارەت بەپرۆژە خزمەتگوزارییە پێویست و سەرەکییەکان کە پێویستە حکومەتی هەرێم ریزبەندی بەپێشخستنی ئەو پرۆژانە بدات قایمقامی خانەقین وتی : لەکاتێکدا هەموو کەس و لایەنێك خۆی بەخاوەنی ئەم شارە دەزانێت کەچی بە بەڵێن و بریارو ئیعلام بێت هەموو شتێك بۆ ئەم شارە کراوە بەڵام لەراستیدا هیچ پرۆژەو کارێکی گەورەمان بۆ نەکراوەو دەیان گرفت و کێشەمان بێ چارەسەرکردن ماوەتەوە، بەراشکاوانە دەڵێم هەموو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی خانەقین کەموکوڕی و گرفتی زۆری هەیە و پێویستیان بەچارەسەرکردنی خێرا هەیە، جگە لەو گرفت و پێداویستیانەی پێشتر ئاماژەم پێدا ئێستا ئێمە پێویستیمان بە نۆژەنکردنەوەو دروستکردنی چەند قوتابخانەیەك هەیە، ئەمە جگە لەپەرەپێدان و خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیان لەبواری تەندروستی.

لەکاتێکدا سەرۆکی هەرێم یا سەرۆکی حکومەت کە سەردانی شارێك دەکات وەکو ئەوەی کە پێشتر هاتنە خانەقین و بەچاوی خۆیان بارودۆخەکەیان بینی و گوێیان لەداواکاری و رەخنەکان گرت و بریاریان دا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدەن، بەڵام بەداخەوە ئەو وەزیرو بەرپرسانەی لەگەڵیاندا هاتن هیچ بەڵێن و کارێکیان تا ئێستا جێبەجێ نەکردووە، لێرەدا بۆ بیرهێنانەوە پێویستە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت و کاربەدەستانی تر هەوڵی جیدی بدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەموو گرفت و کێشەیە. داواکارم ئاورێك لەخانەقین بدرێتەوە چونکە کاتێك هاووڵاتی بەراوردی ئاستی خزمەتگوزاری و پێشکەوتن بەشارەکانی تر دەکات ئیدارەی شارەکە بەکەمتەرخەم دەزانێت، ئالێرەدا هاووڵاتیان مافی خۆیانە گلەیی بکەن کە شارەکەیان ٢٠ دەقیقە لەشارەکانی تری کوردستان دوورە لەوێ ئەو هەموو پرۆژەو کارە دەکرێت لێرەش هیچ ناکرێت.

دەنگ و رەنگ و هەڵوێستی ئەم شارە بۆ کوردستان بووەو شاری لەیلاقاسم و شۆرشی ئەیلول و شۆرشی نوێیە و بێناز کەوتووە، بۆیە پێویستە هەڵمەتێکی پرۆژەو پێشخستنی کاری خزمەتگوزاری لەخانەقین بەرێوەبچێت تاوەکو متمانەی خەڵکی خانەقین بەحکومەتی هەرێم بمێنێت.

**لەتاو بێ خزمەتگوزاری و کاری تیرۆریستان کورد لەسەعدیە و جەلەولاو دەوروبەری خانەقین کۆچ دەکەن**

# بەڵێ بۆکەمپینی (٢٠١٦)



فارس نەورۆلی

لەگۆڤاری گولان ژمارە (٨٧٧) ٣٠ی نیسانی ساڵی ٢٠١٢ بەڕێز عبدالرحمن صدیق وتارێکی بەناوی (کوردستان وەك دەوڵەت پرۆژەیەکە بەڕێوەیە) بڵاوکردۆتەوە کەبیرۆکەیەکی زۆر جوان و واقیعی و پێداویستی قۆناغەکەیە، کەبەلای منەوە لەماوەی ئەم ساڵەدا جوانترین وتارو واقیعی ترین وتاری سیاسی یان ڕۆژنامەنووسییە کە باس لەڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ دەکات وەك ئاماژەی پێداوە کەڕێککەوتننامەکە قووڵاییەکی فکری و دوورییەکی سیاسی تێدا بەرجەستە بووەو خستویەتیە ڕوو، سایکس بیکۆ ئەو ڕێککەوتننامە نهێنییە بوو لە نێوان هەریەك لە مارك سایکس وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرا و فرانس و جۆرج بیکۆی وەزیری دەرەوەی فەرەنساو بەئاگاداری ڕوسیای قەیسەری لەماوەی نێوان تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٥) و ئایاری ساڵی (١٩١٦) دا کە دواتر بەسەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ساڵی (١٩١٧) بڕگەو بەندەکانی ئاشکرا بوو، لەو ڕێککەوتنەوە کوردو خاکەکە، کوردواتەنی وەك ئاردی بن دڕکی لێکراو هەرپارچەی کرایە نانێکی ئامادەکراوو دەرخواردی چەند نەتەوەیەکی تریان دا، لەدوای ئەو ڕێککەوتنەوە چەندین ڕێککەوتن و کۆبوونەوەی نهێنی دژی بەرژەوەندی کورد کراوە خیانەتترینیشیان کەلەمێژووی نوێدابوو ڕێککەوتنی جەزائیربوو کەدژی شۆڕشی ئەیلول کرا بەڵام ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ بووە هۆی ئەوەی ئەو هەموو کارەساتانەی تائێستا بەسەرکورد بێت و وای لەکوردستان کرد کە لە ڕووی جیوپۆلەتیکەوە تاکو ئێستا لەدەرەوەی قسەلەسەرکردن بێ لەبەرئەوەی تائێستا جوگرافیایەکی سیاسی نییەو لەڕووی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە کەناوی کوردستان بێ بەڕەسمی، ئەگەرچی ئێستا بەهۆی بوونی حکومەتی هەرێم و ئەو چالاکییە دیبلۆماسییانەی سەرۆك بارزانی مەسەلەی کورد جێگای قسەوباسی ناوەندەکانی بڕیارە بەڵام دیسان کوردستان ناسنامەی سیاسی و کەسێتی سیاسی وەك دەوڵەت نییە جگەلەوە بەهۆی ئەودابەشکردنەی سایکس بیکۆ،و لکاندنی هەربەشێکی بەدەوڵەتێکەوە کەسێتی جیۆپۆلەتیکی کوردستان لەسنووری جیۆپۆلەتیکی ئەو دەوڵەتانە باس دەکرێ کەدابەشکراوە بەسەریدا لەوکاتەوە بەردەوام کورد لەشۆڕش و ڕاپەڕین و خەباتی چەکداریدا بووە، خۆشبەختانە سەرەڕای قوربانیدانێکی زۆر بەڵام توانی جەنگی وجود بەرێتەوەو ماوەتەوە گرەو لەسەر بردنەوەی جەنگی حدود بکات، ئەگەرچی هەلومەرجی جاران ناچاری خەباتی چەکداری دەکردین و نەوەکانی پێشتر بەجوامێرانە بەرگەی ئەو هەموو چەرمەسەرییانەیان گرت ئازایەتی لەوەدایە هەرنەوەیەك کێشەکانی خۆی لەئەستۆبگرێ نەوەی پێشوو ئەرکی خۆیان جێ بە جێ کرد، ئێستا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە نێودەوڵەتی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو بچوك بوونەوەی دنیا وەك گوندێك شێوازی خەبات گۆڕاوە بۆخەباتی دیبلۆماسی و مەدەنی بەڕێز عبدالرحمن صدیق درکی بەمەکردووەو پێشنیارێکی زۆر واقعی کردووە کەدەڵێ (٢٠١٦) سەد ساڵی تەواو بەسەر ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆدا تێدەپەڕێ بەڕێزیان داوای کردووە کە کەمپێنێ پێکبهێنرێت بەناوی کەمپێنی (٢٠١٦) کەچالاکی جۆراوجۆر بگرێتە خۆی و کۆمەڵێ پێشنیاری جوانی کردووە، بەندە جگە لەوەی دەڵێم بەڵێ بۆ کەمپێنی (٢٠١٦) پێشنیار دەکەم ئەو بیرۆکەیەی بەڕێزیان بخرێتە بەرنامەی کاری سیاسیەکان و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامە نووسان بۆقسەلەسەرکردن هەروەها حکومەتی هەرێم زەمینە سازی و پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی بکات بۆ ئەوەی ئەم کەمپینە دروست بکرێت لەخەڵکانی یاسایی و سیاسی و ڕۆشنبیری و پیاوانی ئایینی هەموو ئایینزاکانی کوردستان لێرەدا دەبێ زانکۆکان ڕۆڵی خۆیان ببینن و ڕاگەیاندنەکان ئامادەسازی بۆبکەن بتوانرێت کاری جددی بکرێت و بەیاننامەو ئیمزاکۆکردنەوەو پێوەندی کردن لەگەڵ پەرلەمانی ئەورووپاو ناوەندەکانی ئەو وڵاتانەو باسی ئەوهەموو نەهامەتییانە بکرێت کە کورد بەسەری هاتووە لەدەرئەنجامی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ هەوڵ بدرێ ڕای گشتی دانیشتووانی ئەو وڵاتانە بێنە دەنگ بۆئەوەی لێرەوە داوای قەرەبووکردنەوەی ئەوهەموو زیانانە بکرێنەوە کەتەنیا دروست بوونی دەوڵەتی کوردستانی دەتوانێت قەرەبووی بکاتەوە و هەروەها داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە بکرێت بۆیە دەڵێم بەڵێ بۆکەمپینی (٢٠١٦)لە بیرۆکەی عبدالرحمن صدیق